# سێ سەدە ئەدەبییاتی کوردی

تاهیر عەلیار

چاو خشاندنێکی مێژوویی، هەڵسەنگێنەر بە سەر ئەدەبیاتی کوردی لە (سەدەکانی ١٧ تا ١٩ ی میلادی) دا. نووسەر مارگارێتا رودنکو. وەرگێرانی بۆ سەر زمانی فارسی : کامڕان ئەمین ئاوە

لە سایتی (اخبار روز) وەرگیراوە.

پێشەکیی وەرگێڕی فارسی:

لە مەودای ساڵەکانی ١٩٨٣ تا ١٩٩٤ کۆکراوەیەکی کامیل  لە ژێر تیتری مێژووی ئەبییاتی جیهان لە لایەن ئەنستیتوی ئەدەبییاتی جیهانی (آ،م،گورکی) سەر بە ئاکادێمی عولومی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەویی سوسیالیستی ئامادە کرا و لە ٩ جڵددا لە لایەن ئینتیشاڕاتی (عیلم) لە موسکۆ بڵاو بۆوە. لە جڵدەکانی چوارەم تا حەوتەمی ئەو بەرهەمە ، هێندێک نووسراوەی خانمی مارگارێتا باریسوونا رودنکۆ لە بارەی مێژووی ئەدەبییاتی کوردستان لە

سەدەکانی حەفدەهەم تا نوزدەهەم چاپ کرابوو. وەرگێڕدراوی فارسیی ئەو نووسراوانە ئێستا لە قالبی کۆبەندێکی جیاواز و کامڵ لە بەردەستی ئەویندارانی مێژوو و ئەدەبییاتی کورد دادەندرێ.

مارگاریتا باریسونا رودنکۆ (٩ی ئوکتوبری ١٩٢٦ تفلیس/ ٢٥ ژووئییەی ١٩٧٦ لێنینگراد) دوکتوڕای عولوومی زمانناسی، رۆژاواناسی، کوردناسی و ئەدیب و مەردمناسی هەڵکەوتووی رووس بوو کە وەک بناغە دانەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە عیلمی کوردناسیدا بە حیساب دێ. ناوبراو سەرنجی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبییاتی سەدەکانی نێوەڕاستی کورد تەرخان کردووە. رۆدنکۆ ساڵی ١٩٥٧ بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی خاوەرناسیی رووسیەدا پێڕستێکی کامڵی لەو نوسخە خەتییە کوردیانەی کتێبخانەی لێنینگڕادی بڵاو کردەوە و ساڵی ١٩٦١ شەرحێکی لە سەر ئەو نوسخە خەتییانەی کتێبخانەی لێنینگراد نووسی. ئەو پێڕستە و ئەو شەرحە هەوەڵین بەرهەمەکانی

رووداوێکی گرینگ لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد دابوو. نێوبانگی گەورەشی بۆ ئەو نووسەرە رێزدارە دەستەبەر کرد. دانیشمەندی ناسراوی کورد ، بەدرخان لە نامەیەکدا لە پاریسەوە ستایشێکی زۆری ئەو نووسراوانەی مارگارێتا بوریسووناى کرد و بە سەرچاوەیەکی گرینگی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییاتی دەوڵەمەندی کوردیی داناو نووسی:

ئەو بەرهەمە دەرگایەکی بە رووی ئەو گەنجینەیەدا کردەوە کە لە کتێبخانەی لێنینگراددا پارێزراون. هەروەها لە مێژووی کوردناسیی جیهانیدا ئەو هەوەڵین کەس بوو کە بەرهەمی هێندێک لە شاعیرانی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستی لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕا سەر زمانی رووسی و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی عیلمیی بۆ کردن. لەوانە، شێخی سەنعان لە فەقێ تەیران(سەدەی ١٤ی میلادی) مەم و زین لە ئەحمەدی خانی(سەدەی ١٧ی میلادی) لەیلی و

مەجنوون لە حارس بدلیسی (سەدەی ١٨ی میلادی) یوسف و زولەیخا لە سەلیم سلێمان(سەدەی ١٧ی میلادی). ناوبراو پشکێکی گەورەی لە لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ و مەردمناسیی کوردەکاندا هەبوو ، بۆ وێنە هەوەڵین نوسخەی خەتیی ئاداب و رسوومی کوردان ، نووسینی مەلا مەحموودی بایەزیدی مێژووزان و مەردمناسی کوردیی بڵاو کردەوە . کۆبەندێک لە ئەفسانەکانی عامیانەی کوردی، نووسراوە سەبارەت بە شیعریی ئایینی کوردەکان و کۆیەک لە وتار و نووسراوە لە بابەت فولکلوری کورد، ژیانی رۆژانە و باوەڕ و سوننەتەکانی کورد، بەشێکی دیکە لە کارە بە نرخەکانی رودنکۆن.

لە ئارشیوی رودنکۆدا کە لە دامەزراوەی رۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئاکادێمی زانستی رووسیە لە سن پترزبورگ پارێزراون جێگایەکی تایبەت بۆ بەرهەمەکانی ئەو سەبارەت بە ئەدەبیاتیی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست لە بەرچاو گیراوە کە لە ئاوریلی ساڵی ١٩٧٠ لە دانیشکەدەی

ڕۆژهەڵاتناسیی دانشگای ئیرەوان نیشاندران. لەوانە کۆیەک لە وتارەکان ، مێژووی ئەدەبیاتیی کلاسیکی کوردی ، بەشێک لە بەرهەمەکانی عەلی حەریری ( سەدەی ١١ی میلادی)، شامرادخان بایەزیدی، حارس بدلیسی،خرانە ڕوو. ئاخرین وتاری ئەو، باسی مەجلیسی ئەدەبیی حاکمەکانی هەورامانە کە بە زاراوەی گۆرانی سەدەکانی حەفدەهەم و هەژدەهەمی میلادی نووسراون. ئەو وتارانە نزیک بە ٢٥٠ لاپەڕی دست نووسن.

مارگارێتابووریسوونا ڕودنکو لە کۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی نێوخۆیی و دەرەودا نێوێکی ناسراوە . ئەو بە لێهاتووییەکی درەوشاوە، کارکردنێکی بێ ماندووبوون ، سروشتێکی پڕ لە هەست، توانایی بێسنوور لە پێناو تێکۆشاندا و وەفاداری بێ ئەندازە بە عیلم و زانست لە ماوەی تەمەنی کورتیدا ئەوەندەی بەرهەم هەیە کە بە زەحمەت پیاو باوەردەکا ئەو هەمووە کاری تەنیا یەک ئینسانە. لە دەیەی ٦٠دا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی

نووسەرانی کورد لە ئەرمەنستان کاتێک باسی لە چاپدانی بەرهەمەکانی رودنکو بە زمانی کوردی لە ئێرەوان هاتەگۆڕێ یەک لە نووسەران گوتی : رۆژێک دێ کە نەتەوەی کورد یادبوودێکی بە نرخ بۆ ئەو خانمە سازکا. بێشک مارگارێتا بە خوڵقاندنی بەرهەمی بە نرخ باشترین یادبوودی لە پاش خۆی بە جێهێشتووە. ناوبراو رۆڵێکی زۆر دیاری لە ناساندنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستان بە میللەتەکانی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی و باقی نەتەوەکانی دیکەی دنیا هەبووە و لێکۆڵینەوەکانی تا ئەورۆ لە سەرچاوەکانی موعتەبەر و جێگای باوەڕی موتالەعاتی کوردناسییە.

ئەدەبییاتی کوردیی سەدەی حەفدەهوم

ئەدەبییاتی کوردی، لە چاو ئەدەبییاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمتر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. هەتا نیوەی سەدەی ١٩ی میلادی کوردەکان وەک نەتەوەیەکی بێ فەرهەنگ و خەتی نەتەوەیی سەربەخۆ ئەژمار دەکران هەرچەند بەرهەمی

ئەدەبیی کوردیی وا هەیە پێشینەی هەزارساڵەیان هەیە. وادەردەکەوێ لە دەستپێکی سەدەی یازدەی میلادی شاعیری کورد عەلی حەریری هێندێک بەرهەمی خوڵقاندووە . لە نێوان پەیڕەوانی ئەودا بەناوبانگترین حەیران بێژی نێو خەڵک فەقێ تەیران(سەدەی چاردەهەمی میلادی) و شاعیری غەزەلبێژ مەلای جزیری و مەلای باتێ(سەدەی پازدەهەم) و ئەحمەدی خانی نووسەری مەم و زین( سەدەی حەفدەهەم) دەبیندرێ.

تا هەوەڵەکانی سەدەی شازدەهەم سەرزەمینی کوردستان مەیدانی شەڕەکانی نێوان ئێرانی سەفەوی و تورکیەی عوسمانی بوو. لە ئاکامدا کوردستان لە نێوان ئێران و تورکیەدا دابەشکرا. بەو حاڵەش نە شەڕە خوێناوییەکان و نە سیاسەتی سەرکوتی کەمینە نەتەوایەتییەکانی وڵاتی عوسمانی نەیتوانی ئەمارەتە میرنشینەکانی کورد کە حەیاتی سەربەخۆی خۆیان درێژە پێدەدا شکست بدا. کوردەکان لە خەباتێکی تاقەت پڕووکێن دا

توانیان سەرربەخۆیی و فەرهەنگی خۆیان بپارێزن. میر نشینەکانی حەکاری، جزیرە، بدلیس و ئەردەڵان ناوەندی عومدەی ئەدەبییات و فەرهەنگی کوردستان لە سەدەکانی نێوەڕاست دابوون و بەشی عومدەی شیعری کوردی بە زاراوەی کرمانجی لەو سەردەمەدا خوڵقێندران. لە نێو شاعیرانی کوردستانی سەدەکانی نێوەڕاستدا سەلیم سلێمان (ئاخری سەدەی شازدەهەم تا سەرەتای سەدەی حەفدەهەم) کە شاعیری دەرباری یەک لە حاکمانی ئەمیرنشینی خیزان بوو جێ و رێیەکی تایبەتی هەیە. مەنزوومەی یوسف و زولەیخای سەلیم سەلێمان وا وێدەچێ هەوەڵین بەرهەمی شیعری کوردیی سەدەکانی نێوەڕاست لە قالبی مەسنەوی دابێ. ئەو مەنزوومەیە شامیلی ١٧٠٢ بەیتە و لە یەک لە بەحرەکانی (حەزەج) دا کوتراوە و بۆ هەوەڵین جار لە شیعری کوردیدا خۆی نیشانداوە. بنەمای ئەو شیعرە لە سەر ریوایەتی تەوڕات و قورعان سەبارەت بە یوسفی جوان چاک و و زولەیخا ، هاوسەری بوتیفارە کە ئیلهام بەخشی زۆر لە شاعیرانی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ،قەفقاز، هیند و ئاسیای نێوەڕاستە. بە پێچەوانەی نێوئاخنی شیعری زۆربەی شاعیرانی دیکە کە عیشقی یوسف و زولەیخا زۆر گەورە دەکەنەوە، سەلیم سلێمان زیاتر سەرنجی داوەتە ئەو ناڕەحەتی و مەینەتە کە یەعقووب بابی یوسف دەیچێژێ چونکە لە مێژە لە کوڕە جگەرگۆشەکەی دوورە. لەوانەیە نوسخەیەکی فولکلوری کوردیی ئەو داستانە کە یەعقوب یەک لە سیماکانییەتی لە سەر شاعیر باندۆڕی بووبێ . ئیدەی ئەسڵیی شیعر قودرەتی بێ سنووری عیشق و ڕەنجە. پێوەندی شیعر دەگەڵ خولقاندنی شفاهی لە قالبی چەندین ئاهەنگی فولکلوریک وەک فرمێسکەکانی یەعقووب وزولەیخا و ناخۆشی دیتنی گورکەکان کە یەعقووب سەبارەت بە چارەنووسی کوڕەکەی پرسیاریان لێدەکا و شتی دیکەی لەو بابەتگەلە بە روونی دەردەکەوێ. تایبەتمەندی زمان و سەبکی هونەری سەلیم سلێمان خۆ دوور گرتن لە قالبی سوننەتیی شیعر کوتنە بە تایبەت لەو کاتانەدا کە وەسفی قارەمانەکان دەکا. شاعیر

بیجگە لە دیمەنی تراژیکی رووداوەکان کە پڕن لە ماجەڕای پڕ لە کێشە لە خولّقاندنی دیمەنی چکۆلّە و رووداوەکانی رۆژانەشدا مهارەتی نیشانداوە.

هەر لەوکاتەدا لە لە لایەکی دیکەی کوردستان لە ناوچەی هەورامان لە دەرباری حاکمانی ئەمیر نشینی ئەردەڵان ناوەندی ئەدەبی شکلّی گرت کە رێکخەری ئەو شاعیرانە بوو کە بە زاراوەی گۆرانی شیعریان دەکوت . عەلاقە بە شێعری تەوسیفی سروشت لە تایبەتمەندییەکانی هەموو شاعیرانی هەورامی بوو. بابەتی حەزلێکراوی ئەو شیعرانە وەسفی سروشتی پایز کە لە حالّی مەرگ دایە و لە پاش بەستێنی ئەو وەسفەدا غەم و پەژارە و هەستی شاعیر خۆی دەردەخا. نموونەیەکی دیکە لە شیعری دەرباریی هەورامی غەزەلێکی عاشقانەی تێکەڵ بە عیرفانە راست وەک لە شیعری عارفانەی مەشریق زەمین دا باوە . وێنەکان لێرە دوولایەنە تەفسیر دەکرێن. مەعشووق هێمای خودایە . ستایشگەری جوانییەکانی ئەو هەمان عارفی موشتاقی ویسالی

ئیلاهییە. دیدار لەگەڵ مەعشووق بە مانای یەکگرتن لەگەڵ خوداوەند تەعبیر دەکرێ. ئەو جۆرە شیعرە لە ژێر باندۆری قووڵی ئەندێشەکانی فیرقەی ئەهلی حەقدا شکڵی گرتووە. ئەو فرقەیەی کە پێشتر شاعیرانی هەورامان پەیرەوییان لێدەکرد. لە شیعری حەماسی بە زاراوەی گۆرانی رەوتی داستانە ئەفسانەییەکانی پاڵەوانەکانی وەک روستەم هەروەها داستانە عاشقانەکانی وەک فەرهاد و شیرن و بەهرام و گولندام و...خۆ نیشاندەدا. تایبەتمەندیی بەرچاوی شیعری هەورامی ئەوەیە کە هەرچەند ناوەرۆکی شیعرەکان عارفانە و بەرزە بەڵام بە زمانێکی سادە و روون بەیان کراوە و وەک شیعری سۆفیانەی هەوەڵینی ئێرانی رووی لە توێژەکانی دەست کورتی کۆمەڵگایە.

لە هەمان ناوچەی کوردستانی ئێران لە دەورووبەری دەریاچەی ورمێ ، لە سەدەی حەوتەمدا بابەتێکی زۆر لە سترانی مێژوویی شکڵی گرت کە سەبارەت بە راپەڕینی هۆزەکانی برادۆست و موکری لە زەمانی

شاعەباسی سەفەویدا بوو. ئەو سترانانە باس لەوەدەکەن کە چۆن رێبەری راپەریوەکان ، ئەمیرخان ناسراو بە خانی لەپ زێڕین قەڵای قایمی دمدمی دروست کرد و عەوداڵ خان سەرۆکی عێلی موکری دەگەڵی کەوت و کاتێک شا عەباس خوازیاری تەسلیم کردنی قەڵاکە بوو سەرداره کوردەکان سەرپێچییان کرد و شاعەباس بە لەشکری قورس و گرانەوە گەمارۆی کوردەکانی دا . کوردە داکۆکیکارەکان بەربەرەکانییان کرد و تا دووساڵ هێزی ئێرانی نەیانتوانی دەست بە سەر قەڵاکەدا بگرن و لەو ماوەیەدا ئازووقە و ئاوی قەڵاکە کورتی هێنا و کچان و ژنانی بەشدار لە شەڕدا بۆوەی نەکەونە دەست دوژمن لە دیواری قەڵاکەوە خۆیان بەرداوە. گەمارۆدەران تەنیا کاتێک توانیان بچنە نێو قەڵاکەوە کە ئیدی کەسی زیندووی تێدا نەمابوو. تا ئەو دووایییانە وادەزاندرا کە ئەوە تەنیا داستانێکی فولکلۆریکە و هیچ بابەتێکی نووسراو سەبارەت بەوە وجوودی نییە ئەمما لەو ئاخرانەدا مەنزوومەیەک بە نێوی قەڵای دمدم کەشف کرا کە

باسی ئەو رووداوەیە و بە گوێرەی زمان و قالبی شیعری دەبێ ئی سەدەی حەوتەمی کۆچی بێ کە بە زاراوەی کرمانجی و لە وەزنی حەوت هەجایی دا کوتراوە و ئەوە وەزنێکی ناسراوی گەلیی کوردییە. ئەو مەنزوومەیە ٦٧ روباعییە کە ستایشی ئازایەتی شەڕوانەکان دەکا و ئەوان بە لایقی سەعادەتی بەهەشت دەزانێ و شەڕی کوردو قزلباش لە دەستپێکەوە دێنێتە بەرباس بە بێ ئەوەی ئیغراق و ئوستوورەی تێکەڵ بکا. حەولیداوە شتەکان بە راستی و ورد باس بکا. داستانێکی هەست بزوێنە و باندۆڕی لە سەر بیسەر هەیە. لەو مەنزوومەیەدا و لەو تراژێدییە عەزیمەدا سیمای نەجیب و مەغرووری کورد تەنانەت لە کاتی شکستیش دا دەردەکەوێ و کورد بۆ بەردەوامیی خەبات و بەرخودان بانگهێشت دەکا.

## سێ سەدە ئەدەبییاتی کوردی(بەشی ٢)

سەدەی حەفدەهەم سەردەمی تێکۆشانی گەرەترین شاعیر ، ئینساندۆست و رووناکبیری کورد ئەحمەدی خانییە کە ناوی لەگەڵ زمانی ئەدەبیی کوردی گرێدراوە. ئەحمەدی خانی بە ئامانجی بەرزکردنەوەی زمانی سووک کراوی کوردی تا ئاستی زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی پشتیوانی لە فێر کردن و فێربوون بە زمانی کوردی دەکا . ناوبراو بەو مەبەستە فەرهەنگی عەرەبی/ کوردیی نۆبەرانەی نووسی بەڵام ئەوەی کە ئەو نێوبانگی پێدەر کرد مەنزوومەی بە نێو بانگی مەم و زین بوو کە بە شاکاری شیعری کوردیی سەدەکانی نێوەڕاست دەژمێردرێ. خانی لە مەنزوومەی مەم و زیندا باسی داستانی عیشقی تراژیکی مەم و زین دەکا کە نێویان لە نێو کورد بە عاشقانی ناکام و بێ ئاکام دەناسرێتەوە. شاعیر لە بەیتەکانی هەوەڵینی مەنزوومەکەدا سەبارەت بە تایبەتمەندییە

نەتەوەییەکانی ئەو داستانە دەڵێ: وشەکان، مەعناکان، ناوەرۆکەکان، شێواز، ئاکامەکان و سیماکان هیچیم لە شاعیرانی دیکە وەرنەگرتووە. ئەوەی کۆم کردۆتەوە هەمووی ریوایاتی کوردییە. رەوتی سۆژەی ئەو مەنزوومەیە زۆر سادەیە. دوو کەس کە پەیمانی برایەتییان پێکەوە بەستبوو یانی مەم و تاجدین کە کوڕی فەررماندەری پارێزەرانی حاکمی وڵاتە عاشقی دوو کچە ئەمیری کورد دەبن کە نێویان ستی و زینە. تاجدین و ستی بەڵێنیی بوون بە هاوسەرلە میر وەردەگرن و دەبنە ژن و مێردو چارەنووسیان بە سڵامەتی و بەختەوەری بە ئەنجام دەگا بەڵام مەم و زین دەبنە قوربانیی رق و فێڵبازیی بەکری راوێژ کاری میر . تووشی لێک جیابوونەوە و مەینەت دەبن کە لە ئاکامدا بە مەرگی هەردووکیان خاتیمە پەیدا دەکا. خانی لە سەر بنەمای ئەو سوژە سادەیە وێنەیەکی تێکهاڵدراو لە پێوەندی ئینسانەکان و چۆنییەتی هەلسوکەوتی کەسایەتییەکان لەگەڵ رووداوەکان خەڵق دەکا و هاوکات ناسینێکی ورد لە سیکۆلۆژی

ئینسانەکان نیشاندەدا .ئەو مەنزوومەیە بانگەوازی سروودی عیشقە . عیشقی هاوڕاو هاوکات لەگەڵ لەخۆبووردوویی و وەفاداری. بە پێچەوانەی ئیروتیسمی زەریفی شیعری فارسی، خانی داوێنپاکی و ئەخلاقی بەرز لە شیعردا ستایش دەکا. لە بەینی عیشقی راستەقینە و هاوگیانیی و ئارەزووی شەهوانی و ئاورین جیاوازی دادەنێو دەڵێ: عاشق بوون و مەیل و حەزلێکردن پێکەوە فەرقیان هەیە. یەکیان لەزەت و خۆشی بۆخۆی دەوێ و یەکیان خۆی فیدا دەکا . یەکیان بە دوای خوشەویستەکەیەوەیە بۆ شادی دڵی خۆی و ئەوی دیکە ئامادەیە گیانی خۆی فیدای دڵدارەکەی بکا. عیشق و مەینەت پێکەوە هەمزادن وەکوو گوڵی سوور و دڕوو . وەکوو گەنجێک کە مار پارێزگاری لێدەکا. ئەوە شێوەی بیرکردنەوەی شا عیرە. پێیوایە تەنیا هەستێک کە لە رەنج و مەینەتەوە دێ بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. بابەتی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی پڕ لە وەوفاداری نێوان مەم و تاجدین لەو مەنزوومەیەدا رەنگی داوەتەوە و کۆک نەبوونی نێوان ئەرکی دۆستبوون و ئەوین

لەگەڵ وەفاداری بە ئەرباب رەنگی داوەتەوە ، مەبەستێک کە لە نێو کوردەکان دا رێزی لێدەگیرێ. تاجدین کە مەجبوورە لە نێوان وەفاداری بە دۆست یا ئەمیر یەکیان هەڵبژێرێ ، دووهەمیان هەڵدەبژێری، چونکە پێیوایە نەپاراستنی ئەرک سەبارەت بە ئەرباب ، گەورەترین رسواییە کە دەبێتە هۆی لۆمە و بەدنێویی بۆ بنەماڵە و عێلەکەی بەڵام، مەم قارەمانی شیعرەکە کاتێک بەرەورووی هەڵبژاردنێکی وا دەبێ پاراستنی ئابڕوو نامووسی ژنەخوشەویستەکەی هەڵدەبژێرێ نەک فەرمانبەرداریی لە ئەرەبابەکەی. مەم خۆشەویستەکەی خۆی هەڵدەبژێری چونکە لە فەرهەنگی جوامێریدا بایەخ و رێزی ژن لە سەرەوەی هەموو شتێکە.

لە مەنزوومەی مەم و زیندا سیمای کەسایەتییە دزێوەکان بە مهارەتەوە کێشراونەتەوە. نێوی راوێژکاری فێڵبازی میر زەینەدین ، (بەکر) لە نێوکورددا هێمای بەغیلی و بەرچاوتەنگی و

خەیانەتكارییە. بەكر ترسەنۆكە بۆیە لە هەڵبژاردنی قوربانییەكانی خۆیدا زۆر بە ئیحتیاتە و كەسانی سادە دڵ و خۆشباوەڕ هەڵدەبژێرێ. ئەو كەسانەی كە تۆڵەی لێناستێننەوە، وەكوو مەم قارەمانی مەنزوومەكە. كەسایەتی حاكمی بۆتان ، میر زەینەدینیش هەروەها زۆر سەرنجڕاكێشە . ئەو حاكمێكی بە قودرەت و ستەمكار نییە وەك ئەو شایانەی كە شاعیرانی رۆژهەڵات لە دیوانەكانیاندا دەیانناسێنن بەڵكوو ئینسانێكی بێ عەمەلی كەم فكرە كە توانای هەڵگرتنی هەنگاوی سەر بە خۆی نییە. شەپۆلی ستایش لە تواناییەكانی میر (نووری تابانی عەقڵ) وەك تەنزێكی تاڵ و بڕندە وایە هاوتەریب لەگەڵ تەوسیفی ئاكامە زیانبارەكانی كردەوەكانی ئەو. خانی نیشانی دەدا كە چارەنووسی خەڵك لە ژێر بڕیاری حاكمی ئاوادا چەندە تراژیكە.

لە شیعرەكاندا دیمەنی ژیانی ئەو سەردەمی كوردستان بە جوانی و بە شێوەیەكی وڵامدەر كێشراوەتەوە . عەشیرە كوردەكان ناچار دەكرێن لە

شەڕە بێ پایانەکانی ئێران و عوسمانیدا بەشداری بکەن.

(کوردەکانن کە بوونە ئامانجی تیری چارەنووس، کاتێک دەریای فارسەکان شەپۆل دەداکوردەکان لە خوێندا دەگەوزێن)

ئەحمەدی خانی هۆی چارەڕەشیی گەلەکەی خۆی لە ناکۆکی عەشایری کورددا دەبینێ کە بێوچان خەریکی گێچەڵ بە یەکترین و ڕێگای دەرچوون لەو موسیبەتە ، یەکیەتی کوردەکان لە ژێر فەرمانی پادشایەکی واحید دا دەبینێ کە ئیرادەیەکی بە هێزی بۆ گەشەپێدانی دۆزی کورد و سەربەخۆیی ئەو گەلە هەبێ. خانی لەو بەرهەمە بە کەڵکەیدا نە تەنیا توانیویەتی تایبەتمەندی ئینسانەکانی سەردەمی خۆی بەڵکوو خۆشەویستیی و هەستی گشتیی بەشەرییەت بخاتە روو. هەر بەو هۆیەشە کە ئەو بەرهەمە زیندوو و سەرنجڕاکێش ماوەتەوە و نەتەنیا خوێنەری کورد بەڵکوو هەموو خوێنەرانی خۆی تووشی بیر کردنەوە هەستی قووڵدەکا.

لە ئەدەبییاتی کوردیی سەدەی حەفدەهەمدا بیرۆکەی وڵاتپارێزی و روونکەرەوە خۆ نیشاندەدا و زمانی ئەدەبیی کوردی شکڵی گرتووە و سەقامگیر بووە. ئەو سەدەیە دەبێ نە تەنیا وەک شکڵ گرتنی زمانی کوردی چاوی لێبکرێ بەڵکوو وەک سەدەی پشکووتنی ئەدەبییاتی کوردی هەڵسووکەوتی لەگەڵ بکرێ. ئەو ئەدەبییاتەی کە لە سەدەی هەژدەهەم تووشی هەرسهێنان هات بەڵام لە ئاخری سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نوزدەهەم دووبارە شایەدی بەرز بوونەوە و بەرەو پێشچوونی تازەیین.

ئەدەبییاتی کوردیی سەدەی هەژدەهەم

زانیاریی زۆر لە سەر ئەدەبییاتی کوردیی سەدەی هەژدەهەم و بە شێوەیەکی گشتی لە سەر هەموو ئەدەبییاتی کوردی زۆر کەمە. ئەوەی بەدەستەوەیە وانیشاندەدا سەدەی هەژدەهەم سەدەی کزبوونی ئەدەبییاتی کوردییە بە تایبەت لە بەراوردکردنی دەگەڵ پشکووتنی سەدەی پێشتری خۆی. سەرزەمینی کوردستان هەروا لە تەرکیبی تورکیە و ئیران و

عێراقدا قەتیس مابۆوە. لەو سەردەمدا کە ئیمپراتووریی عوسمانی بەشی گەورەی ناوچە کوردنشینەکانی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە ، کولۆربوونی دامەزراوە فیئوداڵی/نیزامییەکان، لاوازی ئابووری و دەست تەنگیی کۆمەڵانی خەڵک بە زەقی دەکەوتە بەرچاو. کوردەرکانی دیوی ئێرانیش بە دەست نالەباریی ژیانەوە دەیاننالاند. پەرەگرتنی ویستی مەزهەبی عیرفانی لە ئەدەبییاتی سەدەی هەژدەهەمدا و حەولدان بۆ هەڵاتن لە دەست واقعییەتی داسەپاو و گەیشتن بە ئارامش لە دنیای عیرفاندا دژکردەوەیەکی تایبەت بە نەزمی زاڵمانەی داسەپاوی دەسەڵاتدارانی تورک و ئێرانی بوو.

لە تەنیشت ناوەندە ئەدەبییەکانی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە شیمالی رۆژهەڵاتی تورکیە شکڵیان گرتبوو(ئەمیر نشینەکانی حەکاری، بادینان، بۆتان) و لە شیمالی رۆژئاوای ئێران/ ئەمیر نشینی ئەردەڵان لە شیمالی عێراقیش (بابان و سۆران)

پێکهاتن. لەوێ ئەدەبییات بە زاراوەی سۆرانی شکڵی گرت. لە شیمالی رۆژهەڵاتی تورکیە ئەدەبییاتی زمانی کوردی زاراوەی کرمانجی بوو و لە شیمالی رۆژاوای ئێران شیعر بە زاراوەی گۆرانی بوو.

گرینگترین رووداوی ئەدەبیی سەدەی هەژدەهەم بەرهەمی حارس بدلیسییە کە تا ئەو دوواییانە نەناسرابوو. ئەو، نوسخەی کوردیی لەیلی و مەجنوونی نووسیوە. ئەوە تەنیا بەرهەمی شیعری کوردیی ئەو دەورەیەیە کە هەتا ئێستا ماوەتەوە. ئەو مونزوومەیە ٧٤٠ بەیت یانی ١٤٨٠ خەتە و لە ساڵەکانی ١٧٥٨/ ١٧٥٩ دا نووسراوە. لەو مەنزوومەیەدا بەگژ هێندێک دیاردەی دزێوی داسەپاو وەک ملهوڕیی باوک سالاری، شەڕافەتی تایفەگەری دا، هاتۆتەوە، کە رێگای لە ئەوین گرتووە و لە ئاکامدا بۆتە هۆی کۆتاییهاتنێکی تراژیک. حارس بدلیسی بە پێچەوانەی شاعیرەکانی دیکە ئەو سۆژانەی هێناوەتە گۆڕێ کە

کەسایەتییەکان لە بەستێنی واقعییەتی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا دێنێتە بەرباس و مایەکانی سونەتیی شیعری کلاسیکی عەربی/فارسی بە سەبک و سیاقێک کە بێشک لە فۆلکلۆری کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە ، بە جوانی دێنێتە بەرباس. ئەو بابەتەش چەند ئەپیزود کە لە بەرهەمەکانی نیزامی و شاعیرانی دیکە دا نەهاتوون پشتڕاستی دەکاتەوە. شیعری حارس بدلیسی مەسنەوییە و لە وەزنی (عروضی حزج) دا کوتراوە. ئەو وەزنە کە زیاترین میزانی عەڕەبیسمی (وەکوو فەسڵەکانی هەوەڵین لە ستایشی خودا و پێغەمبەردا) پێوەدیارە ، ریعایەت کراوە بەڵام لەو جێگایانەی کە غەڵەبە بە وشەی کوردییە تووشی گیروگرفت دەبێ چونکە ساختاری هەجایی شیعری کوردی لەگەڵ ئەو وەزنە عەرووزییەی کە هەجای کورت و بڵیند بە دوای یەک دادێن سازگار نییە. مەنزوومەی حارس بدلیسی ناکرێ وەک بابەتێکی بێوێنە چاو لێبکەین بەڵام دیسانیش نووسەر لە تەفسیری هەلو مەرجەکان و کەسایەتییەکاندا سەربەخۆییەکی زۆری نیشانداوە

و تایبەتمەندییەکانی ژیانی کوردەواری و رووحییاتی خەڵکەکەی دەرخستووە.

شاعیرێکی دیکەی ئەو دەورەیە مرادخانی بایەزیدی ۱۷۳۷/ ۱۷۷۷ نووسەری دیوانێکی چکۆڵەی قەسیدە و غەزەلە بە زاراوەی کرمانجی کە دوو غەزەلی کە بە دەست ئێمە گەیشتووە (غەنایەکی سوفیانە) ی تێدایە کە تەفسیرێکی دوولایەنەی هەیە. مەعشووق هێمای خودایە. زولف و خەت و خاڵی نیشانەیەک لە جوانیی ئیلاهییە . رەنج و دەردەکانی عاشق ئەو (شوور و وەسوەسانە ) بەیان دەکا کە لە رەوتی ناسینی حەقیقەتی ئیلاهیدا خۆ نیشان دەدەن . ئیشتیای دیداری مەعشووق هێمای مەیل بە یەگانەگیی دەگەڵ خودا و مەحوو بوونەوەی فەرد لە زاتی ئیلاهیدایە. نزیک بوونەوەی بەرچاوی ئەدەبییاتی کوردیی سەدەی هەژدەهەم لە ناوەرۆکی دینی و عرفانی، مەیلێکە لە هەڵاتن لە واقعییەت. چاوپۆشی لە خۆشیەکانی دنیەوی و هەنگاو هەڵێنان بەرەو رێبازی سوفیانەی کەماڵی

نەفس ، کە خوازیاری وەحدەت لەگەڵ خودایە، لە یەکێک لە ریوایەتەکانی داستانی عەمیانەی کوردی کە بە شیعر کوتراوە(زەمبیل فرۆش) و دەکوترێ بەرهەمی مرادخانی بایەزیدییە بە روونی دەبیندرێ.. ئەو داستانە کە لە فولکلوری کوردیدا زۆر پەسند و خوازراوە باسی ئەوینی هاوسەری میرێکی بە دەسەڵاتی کورد بۆ گەنجێکی سادەی زەمبیل چنە. لە نوسخە عامیانەکان و شیعرە پێشینیەکانی ئەو داستانەدا (سەدەکانی ١٤ و ١٥) کە تەنیا نموونەی ئەدەبییاتی شارە، داستانەکە رەنگ و بۆنێکی کۆمەڵایەتی هەیە. ئیعتراز بە دسپوتیسمی خاتوونی قودرەت تەڵەب (ژنی میر) ی تێدایە کە دەیویست بە پێچەوانەی مەیلی گەنجەکە ملزەم بە ئەوینی خۆی بکا . گەنجەکە گوێ بۆ هەڕەشە و وەعەدەکانی شل ناکا و وەفادار بە خۆشەویستەکەی خۆی دەمێنێتەوە. لەو شیعرانەی کە دەکوترێ ئی مرادخانی بایەزیدین سۆژەکان و کەسایەتییەکان کامیلەن جیا لەیەک تەفسیر دەکرێن. قارەمانی راستەقینەی ئەو ، پێش

ئەوەی ببێتە زەمبیل چن، کوڕی پادشا بووە و کاتیخۆی بە خۆشگوزەرانی و بەزم و خۆشی بردۆتە سەر بەڵام رۆژێک لە خەونێکدا گۆڕانێک بۆی روودەدا و بڕیار دەدا لە خۆشییەکانی ژیان بکشێتەوە . بە دایم خەریکی دوعا و نزابێ و کاری چاک بکا و نانی حەڵاڵ لە رێگای زەمبیل چنینەوە بە دەست بێنێ. لە کێشەی نێوان ئەو و ژنی میردا کە دوای دەستکردن بە سەوەتە چنین تووشی دێ ئیرادەی ئیلاهیش دەستی تێدایە. گەنجەکە بۆ دەربازبوون لە ویستەکانی ئەو ژنە سەرکێشە خۆی لە بورجی بەرزی کۆشکەوە دەخاتە خوارێ بەڵام جوبرەئیل فریشتەی پەیام هێنەری خودا نەجاتی دەدا و بە ئارامی دایدەنێتە سەر زەوی. دوای سەفەرو رەنجی فراوان زەمبیل باف دەگەڕێتەوەماڵێ و بە دەرسوەرگرتن لە کوێرەوەرییەکانی ژیان دەبێتە حاکمێکی عادڵ و پارێزکار.

لەو مەنزوومەیەدا ئیدەی سوفیانە لە بارەی فەناپەزیریی ژیانی دنیایی و پێویستیی گەیشتن بە کەماڵی رووحی و ئارەزووی بوونی پادشایەکی عادڵ لە ئاراادایە. مەنزوومەی زەمبیل فرۆش بە جێگای وەزنی عەرووزیی باوی ئەدەبییاتی کوردی ، وەکوو روباعی هۆنراوەتەوە. وەزنی شیعرەکانی هەشت هەجاییە و چەند نەوع تەرکیب لە (هەجای تەئکیدی و غەیرە تەئکیدییە) کە رەوانی و ریتمێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشێ. روباعیی(سیلابی، تەکیەای) وەزنی تایبەتی شیعری فولکلوری کوردییە کە شاعیرەکانی سەدەی نێوەڕاست بۆ دروستکردنەوەی سوژەکانی فولکلور کەڵکیان لێوەرگرتووە.

درێژەی هەیە.